# وێنەی سەرۆکەکان و ئازارەکانی خەڵک



سەلاحی گەرمیان/ سیدنی
germiyan@hotmail.com

لە چاپدان وبڵاوکردنەوەی وێنەی سەرکردە یان سەرۆک بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو کۆمەڵدا بە تایبەت هەڵواسینیان لە دامودەزگا فەرمیکاندا، لە هەر وڵاتێک یان ناوچەیەک یان گەر تەنانەت لە چوارچێوەی رێکخراوەیەکیش بێت، نیشانەیەکی زەقە بۆ تاکڕەوی و نادیموکراسی ئەو سیستەمە. لە مێژوودا نمونەی دەسەڵاتی هیتلر، ستالین، ماو، عەبدوالناسر، کاسترۆ، خومەینی، سەددام و دەیان شاه وسەرۆک و سەرکردەکانی وڵاتانی جیهانی سییەم ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنێت.

هەڵبەتە وێنە تەنیا ئامراز نیە بۆ سەپاندنی تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا بەڵکو ئەو جورە ڕژێمانە سەرکردەکانیان بەهەموو شێوەی بایەخدان و شکۆداری دەرئەخەن و بە دەیان نازناو ئەخنەپاڵیان و مێژوویەکی پڕ لە سەروەریان بۆ دائەڕێژن و ئەوەی ناشیاوە و لایەنی ڕەشە لە مێژوویاندا یان دەیسڕنەوە و یان بیانو و پاساوی شییاویان بۆ دێننەوە. هەموو ئەزانیین کە لە عیراقی سەردەم سەددام حوسیندا، سەرتاپای عیراق لە وێنە و پەیکەری ئەو دکتاتۆرە گیرابوون کە ژمارەیان گەیشتە سی ملیۆن لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتەی عێراق هەڤدە ملیۆن بوو. ڕۆژنامەنوسێکی بییانی لە چاوپێکەتنێکدا پرسیارێکی ئاڕاستەی سەددام کرد لەو بارەیەوە، سەددام لە وەڵامدا ئەو دیاردەیەی بە دابینکردنی ئازادی بیروڕا و ڕێزلێنان لە هەستی خەڵک و بەتایبەت ئەو هونەرمەندانەی کە وێنە و پەیکەرەکانیان دروست کردوە، پاساوکرد و ووتی من وەک سەرۆکی عێراق ناکرێت ڕێگربم لە دەربڕینی هەستی هونەرمەندانێک کە ئەیانەوێت تەعبیر لە هەستی خۆیان بکەن یان شاعیریک کە ئەیەوێت لەڕیگای شیعرەوە هەستی خۆی بەرامبە بە سەرۆکەکەی دەربڕێت.

لەم ڕۆژانەشدا لە چوارچێوەی دەستنیشانکردنی تاڵەبانی بۆ سەرۆک کۆماری عێراق و بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی ڕێکەوتنی یەکێتی وپارتی لە دابەشکردنی دەسەڵات، کە لە ژێر ناوی هەڵبژاردنیان لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە بەڕێوە چو، سەرەڕای ڕێکخستنی شاییلۆغان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، سەرتاپای کوردستان هەڵکێشرا لە وێنە و پۆستەری جوراوجوری هەردوو سەرکردەی حیزب. چەناڵەکانی سەتەلایتی هەردوو حیزب تا ئیستاش لە ڕادەبەدەر

بەرنامەکانیان بۆ بریقەدارکردنی وێنەی سەرکردەی حیزب و شوشتنەوەی مێشکی خەڵک بەوەی کە سەرکردەیە مایەی سەرکەوتن و سەرفرازی خەیاڵاوی و هەر ئەویش ئەتوانێت چارەنوسی خەڵک دیاری بکات. ئەم ڕاستیە تاڵە نیشانەی بێبایەخییە بە کۆمەڵانی خەڵک، سوود وەرگرتنی ناڕەوایە لە سۆز و عاتیفەی کۆمەڵانی خەڵکی تینوی ئازادی کە ساڵەهای ساڵە بە دەستی تاکڕەوی و ڕژێمی دیکتاتۆرییەوە ئەناڵێنن. تەقدیسکردنی سەرکردە بەو شێوە ناشیاوە وبڵاوکردنەوەی ملیەنەها پۆستەر و شاییلۆغان گێڕان بۆ دەسکەوتنێکی تاکەکەسی و دەرخستنی وەک دەسکەوتێک بۆ کۆمەڵانی خەڵک و چەواشەکردنی ئەو ڕاستیانە بە ووشەی بریقەدار، هیچ لە ئازارەکانی خەڵک کەمناکەنەوە. سەرکردەی دڵسۆز بۆ گەل ئەو کەسەیە کە هەست بە ناخی خەڵکی وڵاتەکەی ئەکات پێش بایەخدان بە بەرژەوەندیە تاکەکەسی و حیزبی خۆی. لەبری خەرجکردنی هەزارەها دۆلار بۆ چاپکردنی وێنە وبڵاوکراوە و ئاهەنگگێڕان و شاییلۆغان وتەرخانکردنی میدیا و دامودەزگا فەرمییەکان بۆ پێهەڵدادان بە شانوباڵی سەرکردەدا، ئەبوایە ئەو خەرجانە بۆ چاکردنی باری ناڕەوای خەڵکی کوردستانی ئەنفالزەدە تەرخانکرایە. ئەبوایە لە بری ئەوە نەک هەر بە ووشەی سەرزارەکی بەڵکو بە ڕیزلێنانی ڕاستەقینە پاداشتی ئەمەک و ڕەنج و خەباتی دەیان ساڵەی کۆمەڵانی خەڵک بدرایەتەوە، لە بری خۆڵکردنە چاوی خەڵک و شوشتنەوەی مێشکیان، ئاوڕێکی تەواو لە خواستەکانییان بدرێتەوە. نەک هەر بە دروشم بەڵکو بەکردەوە گەندەڵی بنبڕ بکرێت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرپا بکرێت، باری پەروەردە و تەندروستی چاک بکرێت و پرۆژە و کارگە ودابینکردنی کار بۆ هەموو خەڵک دور لە حیزبایەتی و خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان لە ئاو کارەبا و پاککردنەوە و کردنەوەی ڕێگاو بان و ئاسانکردنەوەی باری ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. بایەخدان بە ڕۆڵی سەرکردە بەو شێوەیەی کە ئیستا لە کوردستاندا ئەیبینین پەیڕەوکردنی هەمان کردەوە و سیاسەتی تاکڕەوی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی مێژووی ئیستا و ڕابردووی وڵاتانی جیهانە و دیاردەیەکی ناشارستانی و دور لە هەموو شێوەیەکی دیموکراسی و مودیرنیەتە. گەر زوو یان درەنگ ئەو ڕاستیە بۆ خەڵک ئاشکرا ئەبێت و پێویستە سەرکردەی حیزبە کوردییەکان دەرس لە ڕابوردوی دور و نزیک وەرگرن و چیتر کۆمەڵانی خەڵک بە چاوی مێگەل سەیرنەکەن و بەر لەوەی خەڵک بە ئاگا بێتەوە و شاڵاوی ڕق وکینەی خەڵک هێز و قودرەتییان ڕامالێت.

2005/6/19